# پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی نێودەوڵەتی لەشاری سلێمانی بەڕێوە دەچێت

بڕیارە لەڕۆژانــی ١٤ تا ٢٠١٢/٣/١٧ لەهۆڵی یانەی پێشـــمەرگە لەشاری سلێمانی پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی تازەپێگەیشتووان و بێچکەشێران بەسەرپەرشـتی یەکێتـی تۆپـی سـەرمێزی نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت، ئەم پاڵەوانێتیە پارساڵ لەشـاری هەولێر بەسـەرکەوتوویی ئەنجامدرا، بەشـێوەی پارسـاڵ سـتافێکی نێودەوڵەتـی سەرپەرشـتی خولەکە دەکەن بە هەماهەنگی لەگەڵ ستافە عێراقی و کوردەکان، هەریەك لەهەڵبژاردەکانی وڵاتانی (لوبنان، هیند، ئێران، سـوید، میسـر) لەگەڵ وڵاتی میواندار عێراق ڕەزامەندیان دەربڕیوە بۆ بەشداریکردن لەم خولەدا، لەگەڵ ئەنجامدانی خولەکە دوو خولی ناوبژیوانـی و ڕاهێنان دەکرێت بەسەرپەرشـتی پسپۆرانی نێودەوڵەتی، ئەم پاڵەوانێتیە کاتەکەی دواخـراوە بەمەبەسـتی ئەوەی هـاوکات بێت لەگەڵ یادەکانی هەڵەبجەی شەهید و ڕاپەڕینە مەزنەکەی میللەتەکەمان.





# پاڵەوانێتیەکی نێودەوڵەتی تۆپی باسکەی کچان لەهەڵەبجە بەڕێوە دەچێت

**بەبۆنەی ساڵیادی کیمیابارانی هەڵبجەی شـەهید، یەکێتـی تۆپی باسـکەی کوردسـتان پاڵەوانێتیەکـی نێودەوڵەتی بۆ تۆپی باسـکە ئەنجام دەدات لەسەر ئاستی کچان.**

**ئەم پاڵەوانێتیە ئەمڕۆ دووشەممە دەست پێدەکات و ماوەی پێنـج ڕۆژ بەردەوام دەبێت و پێنج یانە بەشداری تیایدا دەکەن، ئەوانیش هەریەکە لەیانەکانی (ئەکاد-ی هەولێر، سەنحاریب-ی دهۆك، سلێمانی، جەلا-ی سـوریا، باگلـەر دیاربەکر-ی تورکیـا) گشـت خەرجییەکانـی ئەم پاڵەوانێتیە دەکەوێتە سـەر ئەسـتۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وا بڕیارە بوو یانەیەکـی ئێرانی بەشـداری لەم پاڵەوانێتیە بکات، بەڵام ئەم یانەیە داوای لەیەکێتی تۆپی باسکەی کوردستان کرد، کە یارییەکان ناوبژیوانانی کچ بەڕێوەی ببەن و نابێت هیچ هاندەرێك لەنێو هۆڵی یاری ئامادە بێت.**

**لەلایەکی ترەوە یەکێتی تۆپی باسـکەی کوردسـتان گشـت پێداویسـتیەکانی ئامـادە کردووە بۆ ئەوەی ئەم پاڵەوانێتیە بەباشترین شێوە بەڕێوەبچێت و سەرکەوتوو بێت و هۆڵی داخراوی هەڵەبجە ئامادەیە بۆ پێشوازی کردن لەم جۆرە پاڵەوانێتیە، ئەگەر سەرکەوتوو بوو ئەوە ئەم پاڵەوانێتیە دەبێتە ساڵانە.**

# ئایا کردنەوەی خولی ڕاهێنەران تا چـ

**بەمەبەسـتی پێشـکەوتنی ئاسـت و توانای ڕاهێنەران لەکتێبخانەی گشتی هەولێر یەکێتی تۆپی پێی کوردسـتان هەڵسـا بەئەنجامدانی خولی ڕاهێنەرانی یانە پلە دووەکان و یانە پلە سێیەکان، بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوونی ڕاهێنەران بەدوایین زانیارییەکانی کاری ڕاهێنەرایەتی کەسـرجەم ڕاهێنەرانی یانە پلە دووەکان و سێیەکانی شارەکانی کوردستان بەشداریان کردبوو، ئایا کردنەوەی خولی ڕاهێنەران سـاڵانە تاچەند سوودی دەبێت بۆ وەرزشی کوردستان لەسەر وانەبێژانـی بەناوبانـگ بۆزیاتر پێشـکەوتنی توانای ڕاهێنەرانی کوردسـتان، ئێمەش ئەم ڕاپۆرتەمان ئەنجامداوە.**

وانەبێژی نێودەوڵەتی (نەجات کوربنار) ناوبراو خاوەنی بڕوانامەی پیشەگەری هەیە لەڕاهێنان، لەبـارەی خولەکە بۆ فایلی وەرزشـی گوڵان گوتی «من لەسەر داوای یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هاتوومەتە کوردستان بۆ گوتنەوەی وانەی زانیاریەکانی ڕاهێنەران، مەبەستی من لەوانەکان ئەوەبوو کە ئاستی توانای ڕاهێنەرانی کوردستان پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە ببینێ، شوێن پەنجەی سـەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان زۆر دیارە کە خزمەتێکی بەرچاوی وەرزشکاران دەکات لەکوردستان، کاتێکی زۆری تەرخان کردووە بۆ وەرزشکاران و کردنەوەی هەر خولێکیش سـوودێکی تایبەتی خۆی دەبێت، کوردسـتان شـوێنێکی ئارامە و گونجاوە بۆ ئەنجامدانی خولی بەردەوام و کەشـێکی باش ڕەخسابوو لەکاتی وتنەوەی وانەکانی ڕۆژانە، ئەوەی ئێمە لێرە بینینمان لەئەسـتەنبوڵ نەمان بینیی بوو، بەڵام پێویسـتە یەکێتی تۆپی پێی کوردسـتان بارەگایەکی گەورەو تایبەت بەخۆی هەبێـت لەگـەڵ چەنـد یاریـگاو هۆڵێك بۆ ئەنجامدانی خول، ئەگەر کردنەوەی ئەو خولانەش بەردەوام بێت لەماوەیەکی زۆر کورتدا سوودێکی زیاتری دەبێت بۆ گشـت وەرزشوانان، ئامادەشم بەردەوام سـەردانی کوردستان بکەم بۆ هاوکاری کردنی وەرزشـی ئێرە، توانیمان زۆرترین زانیاری بەڕاهێنەران بدەینەوە، لەو باوەڕەشم لەئاییندەیەکی نزیك وەرزشی ئێرە زۆر پێشدەکەوێ و ڕاهێنەرانی ئێوە زۆر باش و بەتوانـان، بەئومێدی ئەوەم ئەو خولانە بەردەوام بێت».

نزار سـلێوە ڕاهێنەری یانەی ئـەکاد لەبارەی کردنـەوەی ئەم خولانە گوتی «بێگومان سـەد لەسـەد کردنەوەی خول بۆ ڕاهێنەران سوودێکی یەکجـار زۆری دەبێت، بەتایبەت بۆ ڕاهێنەرانی یانـە پلە سـێیەکان، چونکە هیـچ خولێکیان

# تیروپشکی جامی کوردستان ڕاکێشرا

لەبارەگای یەکێتی تۆپی پێی کوردستان تیروپشکی جامی کوردستان ڕاکێشرا، کە سەرەتای خولەکە یانە پلەیەك و یانە پلە دووەکان ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، لەدواییدا یانە پلە نایابەکان لەخولەکە بەشدار دەبن، خولەکەش شێوازی دەرچوون بەیەك یاری دەبێت و ئەگەر یاریەکە ئەنجامەکەی بەیەکسان بوون کۆتایی هات، ئەوا ڕاستەوخۆ پەنا دەبردرێتە بەر لێدانی سزای یەکلاکەرەوە، وابڕیارە دوای تەواوبونی خولی یانە پلە یەکەکان، خولی جامی کوردستان دەستپێبکات. تیروپشکەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

سۆران×شەقڵاوە، ئاسۆ×سەرچنار، ئاڵا×خەبات، بەردەڕەش×سیروانی نوێ، دووکان×گارە، لەیلان×سیمیڵ، دەربەندیخان×دووبز، کەیوان×چەمچەماڵ، دهۆك×چۆمان، خاك×سیروانی شارەزوور، برایەتی×کفری، ئاڵتون کۆپری×هەڵەبجەی شەهید، خانەقین×زەرایان، پیشەسازی×سۆلاڤ، کۆیە×ئاکرێ، مەخموور×حاجیاوە، ئاشتی×تأخی، پێشکەوتن×دووز.



## ـــەند سوودی هەیە بۆ ڕاهێنەران


زیوەر


نزار


نەجات

نەبینیوە، بەڵام بەو ئاستەی ئێستا نا، چونکە پێویست بوو ماوەی وانەکانی خولەکە درێژتر بوایە نەك بەچەند ڕۆژێکی کورت وانەکان کۆتایی پێبێهنن. بەلایەنی کەمیش پێویستە زیاتر گرنگی بەوانەکانی تیۆری و بدرێت باشترە نەك پراکیتکی، پێشم باشە کردنەوەی ئەم خولانە ساڵانە بەردەوام بێت، چونکە ئەوە یەکەم هەنگاوی کارەکانیانە بۆ پلە سێ و دووەکان».

عەبدولخالق وەلی ڕاهێنەری یانەی جیهان لەبارەی خولەکە گوتی «ئەو خولانە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە بۆ ڕاهێنەران و سودێکی زۆر باشی هەبوو بۆگشت ڕاهێنەرەکانی یانەکان کە بەشداربوون، کردنەوەی هەر خولێکیش زانیاریەکی تازە دەداتە ڕاهێنەران، بەڵام پێم باشتر بوو کە ماوەی خولەکان زیاتر بوایە باشتر بوو، نەوەك بۆماوەیەکی کورت بێت. پێویستیشە ساڵانە کردنەوەی ئەم خولانە بەردەوام بێت باشترە بۆئەوەی ئاستی زانیاری ڕاهێنەران بەرزتر بێت و ئەوانیش زۆرترین کاتی خۆیان بۆ یاریزانان تەرخان بکەن بۆئەوەی سوودی گشتی هەبێت، ئەگەر ساڵانەش ماوەکەی زیاتر بکرێت کارێکی زۆر باشە، هیچ کێشەو گرفتێکمان نەبوو لەخولەکە، چونکە پێشکەوتوو بوو».

تالیب کامیل ڕاهێنەری یانەی سیروانی شارەزوور گوتی «ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە وەکو ڕاهێنەرانی بەشداربوو سوودێکی یەکجار زۆرمان بینیوە لەم خولە، دەتوانم بڵێم ئەزموونێکی زۆریش پەیدا دەکەین، کردنەوەی هەر خولێکیش هەتا بڵێی سوودمەند دەبێت بۆڕاهێنەرانی بەشداربوو، پێشم باشە ئەگەر بکرێت ماوەی خولەکان زیاتر بێت نەك بەچەند ڕۆژێکی کورت خولەکان بەڕێ بکرێت، چونکە سوودێکی وای نابێ ئەگەر ماوەکەی کورت بێت. پێویستە کردنەوەی هەر خولێك ماوەکەی لەیەك هەفتە کورتتر نەبێت، وانەبێژی خولەکەش زۆر بەتوانا بوو سوودێکی زۆرمان بینی. ئەگەر بکرێت کردنەوەی خولەکان لەدەرەوەی وڵات بێت باشتریشە بۆگشت ڕاهێنەران».

زیوەر عومەر ڕاهێنەری یانەی ئاکرێ گوتی «کردنەوەی ئەو خولە بۆڕاهێنەرانی پلە سێ و دووەکان کارێکی یەکجار باش بوو کە ڕاهێنەران توانیان لەم ماوە کورتە سوودێکی زۆر ببینن و توانیان زۆرترین زانیاری بەدەستبهێنن. پێویستە کردنەوەی خولەکانیش بەردەوام بێت بۆیانە پلە دووەکان و سێیەکان، چونکە خولی ئێمە هەر لەناوەوەی کوردستانە و ناچنە دەرەوەی هەرێم، پێشمباشە ئەو خولانە بەردەوام بۆ ئێمە، چونکە سوودێکی زۆری لێ دەبینین ئەگەر بچینە دەرەوەش باشترە، ئەگەر بۆ هەر خولەو ڕاهێنەرێك لەوڵاتێك بێنن بۆ ئێمە باشتر دەبێت».


ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی



## سان سیرۆ میوانداری کۆتایی چامپیۆنزلیگ دەکات

لــەو کاتەی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا زیاتــر لەجارێك داواکاری ئیتالیــای ڕەتکردەوە بۆ میوانداریکردنی جامــی نەتەوەکانی ئەوروپا ٢٠١٦، ڕۆژنامەی لاگازیتا دیللۆ سپۆرتی ئیتالی ڕایگەیاند یاریگای سان سیرۆ لەشاری میلان هەلی بەرز بۆتەوە بۆ میوانداریکردنی یاری کۆتایی خولــی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەســاڵی ٢٠١٦، هەروەها ڕۆژنامەکە ئەوەشــی ڕاگەیانــد یاریگای تازەی یانــەی یۆڤانتس لەشاری تۆرینۆ لەوانەیە میوانداری یاری کۆتایی یۆروپا لیگ بکات لەساڵی ٢٠١٤.

دواجــار کــە یاریگای ســان ســیرۆ میوانداری یــاری کۆتایی چامپیۆنزلیگــی کردبێت لەســاڵی ٢٠٠١ بوو کاتێــك یانەی بایەرن میونیخــی ئەڵمانی نازناوەکەی بەدەســت هێنا، لەوکاتەی کە دوا جار یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ لەئیتالیا ئەنجام درابێت لەساڵی ٢٠٠٩ بوو کە تیایدا یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لەیاریگای ئۆلۆمپی لەشــاری ڕۆما نازناوەکەی بەدەست هێنا دوای ســەرکەوتنی بەسەر یانەی مــان یونایتــدی ئینگلیــزی بەدوو گۆڵــی یاریزانان ئیتۆ و میسی.

## پلاتینی: هیوادارم ڕیال و بەرشلۆنە بگەنە کۆتایی چامپیۆنزلیگ

میشێل پلاتینی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا هیوای ئەوەی خواســت کە هەردوو یانە گەورەکەی ئیسپانیا ڕیال مەدرید و بەرشلۆنە بگەنە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا (چامپیۆنزلیگ) بــۆ وەرزی ٢٠١١-٢٠١٢ یان بەلانی کەمــەوە یەکێکیان بگاتە یاری کۆتایی بۆئەوەی یارییەکە ســەرنج ڕاکیش و بەحەماسەت بێت، بەڵام لەهەمــان کاتدا لەتوانای تیپیەکانی دیکەی کــەم نەکردەوە و گوتی: چەندین یانــەی ئینگلیزی و ئیتالی بەتوانا هــەن کە دەتوانن بگەنە یاری کۆتایی، بەڵام ئەگەر بەرشــلۆنە و ڕیال لەیاری کۆتایی بن ئەوە یارییەکە لەلوتکە دەبێت.

پلاتینی لەکاتی ئامادەبوونی یاری نێوان هەردوو یانەی ڕیال مەدرید و ئیسپانیۆل ستایشی ئاستی هەردوو یانەکەی ئیسپانیای کرد و دەربارەی جیاوازی ١٠ خاڵەکەی نێوان ڕیال و بەرشــلۆنە لەڕیزبەندی یانەکاندا، پلا تینــی گوتی: ١٠ خاڵ جیاوازییەکی گەورەیە، بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆری یاری ماوە، وابزانم بەرشلۆنە تا ئێســتا هیوای ماوە، بەبۆچوونــی مــن کام یانــە لەکۆتایی دەبێتە پاڵەوانی خولی ئیسپانیا ئەوە بەشایستەیی دەبێتە پاڵەوان.



## بە٦٠ ملیۆن پاوەند سیلڤا لە مان سیتی دەمێنێتەوە



یانەی مانچســتەر سیتی ئینگلیزی بڕیاری دا بۆندی یاریزانی ئیسپانی دێڤید ســیلڤا لەهاوینی داهاتوو درێژ بکاتەوە بۆ ماوەی ٦ ساڵ لەبەرامبەردا ســیلڤا ٦٠ ملیــۆن پاوەند وەردەگرێــت، ڕۆژنامەی دەیلی ســتاری بەریتانی ڕایگەیاند یانەی ســتینیز کە ئێستا لەپلەی یەکەمی خولی ئینگلتەرا دێت هەوڵ دەدات پارێزگاری لەیاریزانە ســەرەکییەکانی بکات بۆئەوەی لەســاڵانی داهاتووش بتوانێ ململانێ لەسەر نازناوەکان بکات، یاریزان سیلڤاش یەکێکە لەیاریزانە گرنگەکان بۆیە دەســتەی کارگێڕی یانەی مان ســیتی بڕیاری داوە ئەو بۆندە بەنرخەی پێشکەش بکات، ســیلڤا لەوەرزی ڕابردوو بەبڕی ٢٤ ملیۆن پاوەند لەیانەی ڤالانسیاوە هاتە ڕیزەکانی مان سیتی و بۆندەکەی لەهاوینی ٢٠١٤ کۆتایی دێت.

ڕۆژنامەکە لەسەر زاری ڕۆبەتۆ مانشینی ڕاهێنەری مانچستەر سیتی ڕایگەیاندووە: پێشبینی ئەوە دەکەم کە هیچ کێشەیەك نایەتە بەردەم درێژکردنەوەی بۆندەکەی سیلڤا.

لەلایەن خۆیە سیلڤا هیچ ئاماژەیەکی بەڕازەمەندی خۆی نەکرد لەسەر بۆندە تازەکە و گوتی: بۆندەکەم هێشــتا تەواو نەبووە، دوو وەرزی دیکەمان ماوە، لەوانەیە بەردەوام بم و لەوانەیە بڕۆم، تۆپی پێ هەردەم گۆڕانکاری تێدایە.

## مانشینی: هاوسەرگیری تاکە چارەسەرە بۆ هەڵسوکەتەکانی بالۆتیللی

رۆبەرتۆ مانشینی ڕاهێنەری یانەی مانچستەر سیتی ڕایگەیاند کە هاوسەرگیری باشترین چارەسەرە بۆ هەڵسوکەوتە نامۆیەکانی ئەستێرەی ئیتالی ماریۆ بالۆتیللی، بالۆتیللی لەپێش یارییەکەی بۆلتن واندەرز تا کاتێکی دەرەنگی شەو لەیەکێک لەیانەکانی مەی خواردنەوە کاتی بەسەربردووە دواتر بەبڕی ٢٥٠ هەزار پاوەند لەلایەن دەستەی کارگێڕیەوە سزادراوە، مانشینی دووپاتیکردەوە ئەگەر ئەو ئاگاداری ئەو هەڵسوکەوتە بوایە ئەوە یاری بەبالۆتیللی نەدەکرد.

مانشینی پێیوایە کە تاکە ڕێگا بۆ دانانی ڕاددەیەك بۆ بالۆتیللی هاوسەرگیریە لەمبارەیەوە مانشینی گوتی: لەوانەیە هاوسەرگیری یارمەتیدەر بێت بۆئەوەی ئاستی بەرز بێتەوە، وابزانم تاکە چارەسەرە بۆ حاڵەتەکەی بالۆتیللی، من دڵنیام کە ئەو دەزانێ هەڵە دەکات بەڵام ناتوانێ لەم هەڵسوکەوتانە دوور بکەوێتەوە، خراپترین دوژمن بۆ یاریزان خودی یاریزانە.

لەکۆتایی لێدوانەکەی مانشینی گوتی: ئێستا بالۆتیللی لەتەمەنێکی بچووکە، بەڵام کاتێك تەمەنی دەگاتە ٢٥ یان ٢٦ساڵ بارودۆخەکە دەگۆڕێت، پێویستە ژیانی تایبەتی جێگیر بێت بۆئەوەی باشترین ئاست پێشکەش بکات.





## سکۆلاری: دۆزەخ لەچاوەڕوانی ڕاهێنەری تازەی چێڵسی دەبێت

راهێنەری بەناوبانگی بەرازیلی لویس فیلیپی سکۆلاری ڕاهێنەری پێشووتری یانەی چێڵسی و ڕاهێنەری ئێستای یانەی پالمیراسی بەرازیلی پێیوایە ڕاهێنەری داهاتووی یانەی چێڵسی ڕووبەڕووی دۆزەخ دەبێتەوە، چێڵسی پێش چەند ڕۆژێك ڕاهێنەری پورتوگالی ئەندرێ ڤیلاس بواس لەئەرکەکەی دوورخرایەوە، ئەوەش هەمان چارەنووسی سکۆلاری بوو لەشوباتی ٢٠٠٩، سکۆلاری هاوسۆزی خۆی لەگەڵ بواس دەربڕی و ئاماژەی بەوەش کرد کە کێشەکان لەئەستۆی خاوەن یانە ملیاردێری ڕوسی ڕۆمان ئیبراهیمۆڤیجە.

سکۆلاری لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: لەئینگلتەرا یانەی وەك ئەرسنال هەیە کە ڕاهێنەری فەرەنسی ئارسن ڤینگەر لەکارەکەی خۆی بەردەوام دەبێ بۆ چەندین ساڵ سەرەڕای ئەوەی کە دوو یان سێ نازناوی بەدەست هێناوە، لەیانەی چێڵسی دابونەریتەکە جیاوازە کەچی هەنگاوی دوورخستنەوەی بواس نامۆیە، بەڵام لەلای من نامۆ نییە، چونکە منیش ئەم ئەزموونە بەسەرم تێپەڕیوە.

لەکۆتایی لێدوانەکەی سکۆلاری گوتی: بواس لەکارەکەی پاڵەوان بوو، واش بەردەوام دەبێت، پێویستی بەوەبوو ٧ تا ٨ یاریزان لەتیپەکە بگۆڕێت، بەڵام نەیتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات، هەر ڕاهێنەرێکی تازە لەیانەی چێڵسی دۆزەخ چاوەڕێیەتی.



## رۆنالدینهۆ خەون بەمیداڵیای زێڕی ئۆلۆمپیاد دەبینێت

ئەستێرەی بەناوبانگی بەرازیلی ڕۆنالدینهۆ جارێکی دیکە ئارەزووی خۆی دووبارە کردەوە بە بەشداریکردن لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی بەرازیل لەیارییەکانی تۆپی پێ لەئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ و بەدەستهێنانی میدالیای زێڕ، ڕۆنالدینهۆ لەلێدوانێکیدا گوتی: ئۆلۆمپیاد پاڵەوانەتیەکی گەورەیە، من زۆر بەپەرۆشم بۆ ئەوەی بەشداری تێدا بکەم، ئەوەی لەتوانام دایە دەیکەم بۆئەوەی لەئۆلۆمپیاد بۆ جاری دووەم بەشداربم.

رۆنالدینهۆ لەپێکهاتەی هەڵبژاردەی سامبای بەرازیل بوو لەئۆلۆمپیادی پەکین ٢٠٠٨ و یەکێك بوو لەو سێ یاریزانەی کە تەمەنیان لە٢٣ ساڵ گەورەتر بوو، بەڵام نەیانتوانی میدالیای زێڕ بەدەست بهێنن و تەنیا میدالیای برۆنزیان وەرگرت لەو کاتەی میدالیای زێڕ بۆ ئەرژەنتینیەکان بوو.

رۆنالدینهۆ بەهیوای ئەوەیە ناوی جارێکی دیکە لەپێکهاتەی ئۆلۆمپی بەرازیل بێت لەئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ بەهیوای ئەوەی بۆ یەکەمجار لەمێژوودا میدالیای زێڕ بەدەستبهێنێ کە تا ئێستا بەرازیل نەیتوانیوە ئەم دەستکەوتە لەمێژووی خۆیدا تۆمار بکات.